
# له پێخه‌فی کچه جافیکدا

(به‌ڕێز مامۆستا جمال شارباژێری) ده‌بێژێ شیعر خوایه و شاعیریش پێغمبه‌ری خوایه.



من نه شاعیرم و نه پیغمبه‌ری خواشم ئه‌م دوو ده‌قه ته‌نیا چنینی چه‌پکه ووشه‌یه‌کن و له دوو شه‌وی پڕ ڕۆمانسیدا له ده‌وری باڵا و جوانی و پیرۆزی و حه‌ز و ڕێزی مرۆی دوو ئافره‌تدا ئالاندومه. به ڕۆحی ناسکی ئه‌و ئافره‌ته به‌ڕێز و نازدارانه‌ی ئه‌م کۆمه‌ڵه ووشانه‌یان له شه‌وه پڕ په‌رداخه‌کاندا. به ماچ و هه‌ناسه و سرپه و ته‌کان موتوربه‌کرد، بۆ ئه‌و دڵۆپه شه‌رابانه‌ی په‌ڕه‌ی گوڵی ماچه‌کانیان ئاورشین کرد. ئه‌و شه‌وانه‌ی ڕۆح په‌پوله‌یه‌کی باڵ په‌مه‌یی ناسک بوو به شیله‌ی گۆپکه‌کان خۆی تێر ده‌کرد. ئا ئه‌و شه‌وانه‌ی خوا و ناسکه ئافره‌تێك له میحرابی په‌رستگای سروشتدا ...پێکه‌وه له یه‌ك ئالابوون و سه‌رچۆپی چه‌ند ڕکات نوێژی سروشت (سیکس) یان ده‌کرد، ئه‌م چه‌پکه ووشه ناسك ونازداره چنراوانه پێشکه‌شه به‌و به‌ڕێزانه‌ی له جیاتی جنیوو، گوێ له مۆسیقا ده‌گرن، له‌جیاتی باوه‌شی چه‌ك ماچی گوڵی گۆنای ئافره‌تێك، لێوی په‌رداخێك ده‌که‌ن. له جیاتی تووڕه‌بوون، زلله، شه‌ق، تف، چه‌قۆی ووشه. . باوه‌شی ڕۆمانسی به‌چرکه‌کانی ژیاندا ده‌که‌ن، به وانه‌ی به نۆته‌ی ماچ مه‌ست ده‌بن، به بۆنی موڤه‌ڕکی هه‌ناسه و بۆنی بنباخه‌ڵ و ئاره‌قی ژێر مه‌مك و له‌شی پیرۆزی ئافره‌ت ده‌ژین.

Angale

ئه‌م نووسینه به به‌ریز دایکی
ئه‌نجێلا پێشکه‌شه
جه‌زا چنگیانی

تۆ تۆوی ڕۆمانیکی ڕۆح و
پرژه‌ی فێنکی
تاڤگه‌ی عه‌شقێکی تر و
گوڵی به‌هارێکی ناوه‌خت هاتووی
دڵی.
تۆ تنۆکی شه‌رابی سووری
نێو په‌رداخی دڵ و
شه‌وانی ڕۆمانسی
منی.
ئه‌نجیلا
تۆ تامی هه‌نگوینی
شانه‌ی شیعری پۆشکین و
باڵای ڕۆمانی گۆرگی و

www.kurdistannet.org

سرپەی هەناسە نۆتەی چایكۆفسكی
ئا ئەنجیلا
تۆ بە تەنیا ڕووی ڕوونی ئاوینەی
ڕۆمانسی هەموو ڕووسی
نا .... نا بە خوا . تۆ یەك پارچە شیعری.

(مۆسكۆ / ئۆتیلی ئوكراینە 2002/6/10) كاتژمێری پینجی بەیانی

---

# لە پێخەفی كچە چافێكدا

جەزا چنگیانی
پێشكەشە بەڕۆحی مەزنی
حەزرەتی نالی ومەستورەخانم

لە ئامێزی چرپە تەلەفونیە
سێكسێكانی دۆی شەودا
خەوم لێكەوت
هاتیتە خەوم، هەردووكمان سەرتاپا
ڕووت بووین
لەشی تۆ هەلاوێكی گەرمی سێكسی
لێهەڵدەسا
لەشی منیش لەرزەی چاوەڕوانییەكی بێ ئۆقرە
بۆنم كردی
نەك سییەكان .........ئا
هەموو لەشم بۆن قووتیدا
ئۆقرەم نەما
سەرتاپای لەشتم بە ماچ تەركرد
زمانم بە سەر ناوكتا هانی
لە حەیبەتی ئۆڤەكانتا ... لێوەكانم
بۆ خوارەوە كەمێك ترازان
دەمم نا بە ڕۆحتەوە
چەند مژێكی عەزرەتاویم لێدا
تۆش ئارەقێكی ڕەش وشینت دەردا
ئۆخەكانت باڵیان گرتوو ....... و
بوون بەچەپكە هاوارێكی تاساو



www.kurdistannet.org

**لە عەزرەتا**

**قژەکانی پشتی سەرت**

**ڕاکێشام.........دەمی ڕۆحت**

**لە دەمم ترازا ....**

**هێشتا تینۆیتیم نەشکابوو**

**لە بۆنی ئەوشیلە لینجەی نێو ڕۆحت**

**بێبەریت کردم**

**بە هەنسکە ئۆڤێکەوە**

**وتت .... .**

**وەرە گۆی مەممکەکانم بمژە**

**ئا ...لە دوای چەند قووم مژینی گۆپکەکانت و**

**سەرچۆپی چەند تەکانێکی گڕاوی**

**ئاخ خوایە کە ناخۆش بوو**

**دەنگی زەنگی کاتژمیرەکەم**

**ئەو خەوە ڕووتەی شڵەقاندم.**

**ئەڵمانیا** 1999

www.kurdistannet.org